Kirkuk University Journal: Humanity Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
ISSN P: 1992-1179
ISSN E: 3107-3360

# Reflection of Emotional Expressions in Campaigning for the “6th Round Elections of the Kurdistan Region’s Parliament

**Asst. Prof. Dr. Talar Sabah Omar . talar.sabah@koyauniversity.org**

**Asst. Prof. Dr. Hemin Abdulhamid Shams . hemin.shams@koyauniversity.org**

***Abstract*** :This study examines how political candidates use emotional expressions such as hope, anger, and fear during election campaigns. How do these words and positive emotions, used descriptively by campaigners, shape voters’ attitudes and behavior? Voters’ choices in elections determine whether parties win or lose and directly affect political objectives. For this reason, parties and candidates have employed a range of emotional appeals to mobilize public opinion and strengthen political loyalty. Positive emotions such as hope and pride are often used to rally support and reinforce a shared identity among party supporters. Some opposition candidates, meanwhile, have exploited poor public services or the monopolization of power by political parties to stir anger and push for change.

The study adopts an analytical approach grounded in persuasion theory and examines the emotional expressions used by Kurdish parties during the October 2024 election campaign. Emotional tactics were essential in this particular context, perhaps simply as a means of engaging voters. In this way, emotional expression played two roles: winning support and distinguishing parties in a competitive political environment, while also increasing voter interest in order to appeal to undecided voters. If voters’ decisions are influenced by emotional language, then politicians can use such language to mobilize votes by creating an atmosphere that resonates with the public.

The findings show that Kurdish parties made extensive use of emotional language in the 2024 Kurdistan Region parliamentary election campaign, and that the effectiveness of these emotional expressions varied in degree.

***Keywords***: language, advocacy, emotion, persuasion, voter

# إنعكاس التعبيرات العاطفية في الحملة الانتخابية للدورة السادسة لبرلمان إقليم كوردستان

[1] أ.م.د. تەلار صباح عمر talar.sabah@koyauniversity.org

[2] أ.م.د. هيمن عبد الحميد شمس hemin.shams@koyauniversity.org

جامعة كويا . كلية التربية . قسم اللغة الكوردية [1,2]

## ملــخص

تتناول هذه الدراسة كيفية استخدام المرشحين السياسيين للتعبيرات العاطفية، كالأمل والغضب والخوف، خلال الحملات الانتخابية. كيف تُهيمن هذه الكلمات والمشاعر الإيجابية (الوصفية) التي يستخدمها القائمون على الحملات على مواقف الناخبين وسلوكهم؟ وتُحدد أصوات الناخبين في الانتخابات فوز الأحزاب أو هزيمتها، وتؤثر على الأهداف السياسية. لذا، استخدمت هذه الأحزاب والمرشحون سلسلة من النداءات العاطفية، بهدف حشد الرأي العام وتعزيز الولاء السياسي. وغالبًا ما تُستخدم المشاعر الإيجابية (كالأمل والفخر) لدعم وتعزيز الهوية بين مؤيدي الحزب. وقد استغل بعض مرشحي المعارضة نقص الخدمات، أو احتكار الأحزاب السياسية، لإثارة الغضب والدفع نحو التغيير. وتتبنى هذه الدراسة منهجًا تحليليًا قائمًا على نظرية الإقناع، وتدرس التعبيرات العاطفية للأحزاب الكوردية خلال الحملة الانتخابية لشهر أكتوبر ٢٠٢٤. إذ كانت التكتيكات العاطفية ضرورية في سياق معين، ربما لمجرد إشراك الناخبين. وهكذا، لعب التعبير العاطفي دورين: كسب الدعم وتمييز الأحزاب في بيئة سياسية تنافسية، وزيادة الاهتمام لإرضاء الناخبين المترددين. إذ يتأثر قرار الناخب باللغة العاطفية، وبإمكان السياسيين استخدام اللغة لجمع الأصوات من خلال خلق جوٍ يلقى استحسان الجمهور. وتُظهر النتائج أنّ الأحزاب الكوردية استخدمت لغةً عاطفيةً بكثرة في حملة الانتخابات البرلمانية لإقليم كوردستان عام ٢٠٢٤، وبذلك يتفاوت مستوى فعالية هذه التعبيرات العاطفية حسب المتلقي.

**الكلمات المفتاحية:** اللغة، حملة إنتخابية، العاطفة، الإقناع، الناخب.

## ڕەنگدانەوەی دەربڕینە سۆزدارەكان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی كوردستاندا

پ.ی.د. تەلار صباح عمر talar.sabah@koyauniversity.org
پ.ی.د. هێمن عبدالحميد شمس hemin.shams@koyauniversity.org

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتیی بەكارهێنانی دەربڕینی سۆزداری- وەک هیوا و ئومێد و توڕەیی، ترس،... لە لایەن كاندیدە سیاسییەكان، لە كاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا، دەكات، چۆن ئەم وشە و هەستانەی بانگەشەكاران بۆ پەسنكردن (وەسف)، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەكاریاندەهێنن، هەژمون و كاریگەرییان لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری دەنگدەران دەبێت؟ دەنگی دەنگدەران لە هەڵبژاردندا، دەبێتە هۆی سەركەوتن و كەوتنی حیزبەكان و كاریگەریی لەسەر ئامانجێكی سیاسی دەبێت. بۆیە حزب و كاندیدەكان كۆمەڵێک بانگەوازی سۆزداریان بەكاردەهێنا، بە ئامانجی كۆكردنەوەی هەستی گشتی و بەهێزكردنی دڵسۆزیی سیاسی. زۆرجار هەست و سۆزە ئەرێنییەكان (بۆ نمونە، هیوا، شانازی) بۆ كۆكردنەوەی پشتیوانی و بەهێزكردنی ناسنامە لە نێوان لایەنگرانی حزبەكاندا بەكاردەهێنرێن. هەندێک لە كاندیدەكانی ئۆپۆزسیۆنیش نەبونی خزمەتگوزاری، یان قۆرخكاریی سیاسییان بۆ وروژاندنی توڕەیی و پاڵنانی گۆڕانكاری بەكارهێناوە. توێژینەوەكە ڕێبازێكی پەسنیی شیكاری پشتبەست بە تیۆریی ڕازیكردن دەگرێتەبەر. بەدواداچون بۆ دەربڕینە سۆزدارەكانی حیزبە كوردستانییەكان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا دەكات، كە مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێوەچو. تاكتیكە سۆزدارییەكان لە چوارچێوەیەكدا جەوهەری بوون، بەدور نازانرێت تەنها بۆ ئەوە بوبێت كە دەنگدەران سەرقاڵ بكەن. بەم پێیە دەربڕینی سۆزداری دو ڕۆڵی هەبو: بەدەستهێنانی پشتیوانی و جیاكردنەوەی پارتەكان لە ژینگەیەكی سیاسی و كێبركێدا، زیادكردنی سەرنج بۆ ڕازیكردنی ئەو دەنگدەرانەی هێشتا بڕیاریان نەداوە. ئەگەر بڕیاردانی دەنگدەران لە ژێر كاریگەریی زمانی سۆزداریدا بێت، سیاسەتمەداران دەتوانن زمان بەجۆرێك بەكاربهێنن بۆ كۆكردنەوەی دەنگ بە دروستكردنی مەزاجێک كە جەماوەر زیاتر حەزی لێیان بێت. ئەنجامەكان دەریدەخەن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤دا، حیزبە كوردییەكان بەڕێژەیەكی بەرچاو زمانی سۆزداریان بەكارهێناوە، ئاستی كاریگەری دەربڕینە سۆزدارییەكانیش جیاوازە.

**كليله وشه:** زمان، بانگەشە، سۆز، ڕازیکردن، دەنگدەر.

**١_پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ڕەنگدانەوەی دەربڕینە سۆزدارەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا)یە، کە تێیدا شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دەربڕینە سۆزدارەکانی بانگەشەکاران کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرنگیی شیکردنەوەی زمانی بانگەشەکاران لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کارەکیدایە. چۆنیەتیی میکانیزمی بانگەشەکاران دەستنیشاندەکات، هەروەها هەوڵدەدات سنوری شیکردنەوەکان لە وەڵامی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان سنوربەند بکات. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی سیستماتیکی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانە لە بانگەشەی بانگەشەکاران لەهەرێمی کوردستان، لە لێکۆڵینەوەکەماندا، جگە لە لایەنی تیۆری، لایەنی کارەکیش بەرچاودەکەوێت، کە پشت بە وەڵامی دەنگدەران دەبەستێت. ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە وەك:

١ـ ئایا دەربڕینە سۆزدارەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بیروڕای تاکی کورد هەیە؟ ئەو دەربڕینانەی کە بانگەشەکاران بەکاریاندەهێنا پەیوەستبون بە خەباتی کوردایەتی و پاراستنی خاك و ئاوەدانیی کوردستان؟

٢ـ ئایا بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ جوڵانی هەستی هەژاران و دەرخستنی بنەماڵە بو؟ ئەنجامەکەی لای دەنگدەران خوازراو بو؟

٣ـ بانگەشەکاران چ جۆرە ئاکارێکیان بەکارهێناوە؟ ئایا بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك بو یان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بو؟

٤ـ ئایا حیزبەکان، لەبانگەشەی هەڵبژاردندا، سودیان لە دەربڕینە سۆزدارەکان وەرگرتبو؟

بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانەش، پشت بە وەڵامی دەنگدەران بەستراوە، بەپێی فۆڕمی ڕاپرسی و بنەما ئامارییەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی دەنگدەران لەبانگەشەی هەڵبژاردندا، چونکە تا ئێستا نازانرێ تێڕوانینی دەنگدەران لەسەر بنەمای بانگەشەی هەڵبژاردن چۆنە؟ کاریگەریی لەسەر گۆڕینی ئاراستەی بیروڕای دەنگدەران هەیە، یان نا؟ ئێمە لێرە بەدوای کۆکردنەوە و لێکدانەوەی وەڵامی دەنگدەراندا دەگەڕێین.

هەڵبژاردن ئامرازێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە سەقامگیریی سیاسی و گەڕاندنەوەی سیستمی یاسای هەڵبژاردن و بنیاتنانەوە. لە یاسایی پڕۆسەی هەڵبژاردن، یاسای عێراقیی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٢٠، پەیڕەوی تۆمارکردنی دەنگدەران و ڕێکارەکانی ڕاگەیاندنی کاندیدەکان و بەشداریی سیاسی دیاریدەکات. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەو دەزگایەیە، لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان بەرپرسیارە، هەروەها دەسەڵاتی یاسایی فراوانی هەیە بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەچونی (محمد ٢٠١٠، ٨٣). هەڵبژاردن جەوهەری پرۆسەی دیموکراسییە و ئامرازێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە بەشدارییەکی کاریگەرانەی جەماوەری، سەرکەوتنی پەیوەستە بە بونی چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز و میکانیزمی چاودێریی کاریگەر و سەربەخۆیی پڕۆسەکە. (مشهدي و الفريجي ٢٠٢٥، ٧٧). هەڵبژاردن پێویستی بە بانگەشە هەیە، بانگەشەی هەڵبژاردنیش قۆناغێک پێش دەنگدانە، هەر وڵاتێک ڕێنماییی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن دادەنێت، بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی یەکسان بۆ هەمو کاندیدەکان مسۆگەر بکات. ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن

لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەر وڵاتێك چەند ڕۆژێك بۆ بانگەشە دیاریدەکات و ڕێگە بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، لەم ماوەیەدا، دەدرێت، تاکو بیست و چوار کاتژمێر پێش ڕۆژی دەنگدان، بانگەشە کۆتاییی دێت. لە بانگەشەی هەڵبژاردندا کاندید و لایەنە سیاسییەکان، بەرنامەی هەڵبژاردنەکەیان نمایشدەکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنن. بانگەشەکار ئەو بیرۆکانە بۆ دەنگدەران دەخاتەڕو، کە دەیەوێت لە داهاتودا جێبەجێیان بکات. واتە ((بانگەشەی هەڵبژاردن کۆمەڵێک چالاکییە، تێیدا سیاسییەکان هانی دەنگدەران دەدەن بۆ دەنگدان)) (الرکابی ٢٠١٧، ٣٠٤). ئەمەش بۆ ئەوەیە، ئەو کەسانەی لەگەڵ بیرۆکەکانیان هاوڕان، لە کاتی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستێکی سیاسی، پشتگیرییان بکەن. ((بانگەشەش ئەوکاتە سەرکەوتو دەبێت، کە سوود لە کاتەکە وەربگرێت و دەنگدەرەکە بکاتە ئامانج و پەیامێکی ڕازیکەر دابڕێژێت بۆ بەدەستهێنانی دەنگدەر.)) (محمد ٢٠١٠، ٧٩) لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بانگەشە ((کۆمەڵێک چالاکی و کردەوەیە، کە حزبی کاندید ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی وێنەیەکی باش لە بەرنامە و ئامانجە سیاسییەکانی بە جەماوەر یان دەنگدەران ببەخشێت، بە ئامانجی دانانی کاریگەری لەسەریان بە بەکارهێنانی گشت توانا و ئامراز و شێوازە بەردەستەکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندیی جەماوەرییەوە، بە ئامانجی بردنەوەی هەڵبژاردن.)) (القاضي ١٩٨٧ ، ١١٧). کەواتە بانگەشەی هەڵبژاردن زنجیرەیەک چالاکیی ڕێکخراوی کاندید و لایەنەکانە، بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بە ئامانجی دانانی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی و ڕاکێشانی دەنگدەران، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کاریگەرییان لەسەر بژاردەکانیان هەبێت. بانگەشەکار دەتوانێت چەندین ئامرازی پروپاگەندە بەکاربهێنێت، لەوانە کۆبونەوەی گشتی، دابەشکردنی کارت، بەکارهێنانی میدیای تەقلیدی و ئەلیکترۆنی، جگە لە سەردانی مەیدانی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەنگدەران، بەڵام بەکارهێنانی ئامراز و سەرچاوە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندیی هەر کاندید و لایەنێک قەدەغەیە. بانگەشەی هەڵبژاردن بە هەمو شێوەکانییەوە لە دامەزراوەکانی پەروەردە، زانکۆ، مەشق و شوێنەکانی عیبادەت، هەروەها وتاردان یان دابەشکردنی ڕیکلام و بەڵگەنامە، قەدەغەیە. تەکنەلۆژیای مۆدێرن خزمەتگوزاریی بەنرخ پێشکەش بە کاندیدەکان دەکات، بەو پێیەی دەتوانن لە ڕێگەی سایتەکانی سۆشیال میدیاوە خۆیان و بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیان و پۆستەکانیان بناسێنن، بە مەبەستی گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی دەنگدەر، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە ماوەیەکی زۆر لە گەڕان بەو سایتانەدا بەسەردەبەن. بانگەشە بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت:

١/ بانگەشەی ڕاستەوخۆ: بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بانگەشە بۆ کاندیدەکان ڕادەگەیەنێت لە یەکێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێت یاخود لە ڕێگەی پۆستەر و کارت، ... بێت.

٢/ بانگەشەی ناڕاستەوخۆ: لەم جۆرەیاندا ڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ کاندیدەکان ناکرێت، بەڵکو بە دەرکەوتنی بەردەوام لە میدیا و ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆر و بەکارهێنانی کەناڵی جیاواز، وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر، لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و کۆنگرە و گردبونەوەی جەماوەری، دەبنە هۆی بنیادنانی متمانە، جێگیرکردنی بیرۆکە و شیاندنی وێنای کاندید و پەیامەکانی لە هزری زۆرترین دەنگدەردا. ئەم هەڵمەتانە زۆرجار بەشێکی زۆر لە بودجەی هەڵمەتە گەورەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن و کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی و تێڕوانینی دەنگدەران، بۆ پرسە سیاسییەکان دەبێت. (العمارات ٢٠٢٠، ٩٩) بۆ نمونە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئەو کاندیدانەی کە لە دەسەڵاتدابون، ئەو کار و چالاکی و پرۆژانەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردو کردویانە دوبارە بە بیری خەڵکی دەهێننەوە، یاخود بۆ خەڵکی باسدەکەونەوە و پیشانیان دەدەن، بۆ ئەوەی باشیی ئەو کەسە پیشانی خەڵکی بدەن.

ئەو زمانەی لە بانگەشـــەی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنرێت، تایبەتمەندی و جیاوازیی هەیە، کە ئامانج لێی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بیروڕای گشتی و بەهێزکردنی ناسنامەی سیاسی و کۆکردنەوەی زیاتری دەنگدەرانە. بۆیە دەبینین لە کاتی بانگەشـەدا دەربڕینی کورت و پوخت، پڕ واتا، ئاسان و دور لە لێڵی بەکاردەهێنرێت، کە بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ بێت، بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن بەئاسانی ڕوبدات و بە وردی زانیارییەکان بگەیەنرێت و لەبیرنەکرێت، بەزۆریش وشـــەی باوی ڕۆژانەی خەڵک بەکاردێت بۆ ئەوەی دەربڕینەکان لەبیرکردنیان قورس نەبێت. (Zhou 2018، ٢٨٣). هەروەها لە بانگەشەدا پەنا دەبرێتە بەر فریودان، فێڵ، درۆ و شێواندنی ڕاستییەکان، لە پێناوی گۆڕینی ڕا و ڕەفتاری دەنگدەران و ئاراستەکردنیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. (نصرالدين ٢٠٠٨، ٥١) لەهەمانکاتدا لەبانگەشەدا ڕاستییەکان گەورەتر دەکرێت، یان لە هیچەوە دروستدەکرێت، هیچ وردەکارییەکی تێدانییە، (الداقوقي و التهامي ١٩٨٠، ١٨) هەروەها لە بانگەشـــەدا بەکارهێنانی تەکنیکەکان و پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامەکان، مۆرکێکی سیاسی و فەلسەفی وئاینی و کۆمەڵایەتییان پێوەدیارە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە بانگەشەدا داگیرکردنی بیروهۆشی هاووڵاتیانە، بۆ ڕازیکردن و دەستەمۆکردنی وەرگر و هاندانییەتی بۆ بەدەنگەوەچونی پەیامەکە، تاکو بتوانێت خەڵکی بۆ خۆی ڕابکێشـێت و هانیانبدات. (نصـرالدين ٢٠٠٨، ٥١) هەروەها بەکارهێنانی هێما و دروشمی کاریگەر و بەهێز و سیمبولە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینییەکان (عصـــاف ٢٠٢٢، ١٢٢)، پەیوەندییەکی ســـۆزداری لەگەڵ جەماوەردا دروســـتدەکات و کاریگەریی پەیامەکان زیاتر دەکەن. وەك ئاماژەکردن بە ناسـنامە و هێمای نیشـتمانی و نەتەوە، ئاڵا، دەسـتور، بەها کولتورییەکان بۆ بانگەوازکردنی نیشتمانپەروەری.

هەر بەگوێرەی بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکانیش، دەشێت دو جۆری (ئەرێنی و نەرێنی) لە بانگەشە دەستنیشان بکەین:

١. بانگەشەی ئەرێنی: جۆرێکە لە بانگەشە، کە دەربڕینەکان بە شێوازی نەرم و سادە و بێ بریندارکردنی هەستی گوێگران و جەماوەر دەردەبڕرێن، چەند شێوازێک دەگرێتەوە:

أـ ناسنامەی کاندید: تیشکخستنە سەر دەستکەوتەکانی کاندید، وەک خوێندن و ئەزموون و بەها کەسییەکان. وەک: ((ئەگەر نەچون بۆ دەنگدان و دواتر (پیکاب)ەکانتان دزرا و ئارامی و ئاسایش نەما، گلەیی مەکەن)). (پ.د.ك).

ب- دیدگا و سیاسەتەکان: ڕونکردنەوەی دیدگای کاندید بۆ داهاتو و ئەو سیاسەتانەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، لەوانەش ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا. بۆ نمونە: ((کاردەکەم بۆ دامەزراندنی دەرچوانی دانەمەزراو بەپێی پێویستیی فەرمانگەکان و دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆکان)). (هەڵوێست).

پ ـ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران: پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگدەران و پێشکەشکردنی کاندید بە شێوەیەک کە لە خەڵکەوە نزیک بێت، ئەمەش هاوسۆزی و پشتیوانیی جەماوەری بەرزدەکاتەوە. وەک: ((لەگەڵ مەسرور بارزانیی، برای خۆم، پەیمانی کوردایەتی لەبەردەم خەڵکی بادینان نوێدەکەینەوە)). (نێچیرڤان بارزانی).

((چوینەتە دهۆك تا ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە بڕوخێنین)). (ی.ن.ك).

٢. بانگەشەی نەرێنیی: جۆرێکی دیکەیە لە بانگەشە، کە دەربڕینەکان بە شێوازی توند و ڕەق دەردەبڕرێن و دەشێت بریندارکردنی هەستی بەشێک لە گوێگران و جەماوەری لێبکەوێتەوە. بانگەشەی نەرێنی، ڕەنگە زیان بە ڕکابەرەکان بگەیەنێت، یان سوود بە کاندیدەکە بگەیەنێت. چەند شێوازێک دەگرێتەوە:


أ- ڕەخنە لە ڕکابەرەکان: تیشکخستنە سەر خاڵە لاوازەکانی ڕکابەرەکان، وەک شکستهێنان لە پۆستەکانی پێشویان، یان ئاشکراکردنی گەندەڵی و کاری ئابڕووبەرانەیان. بۆ نمونە: ((ئەوان سیاسەتی نەوت و غازیان نییە، ئەوان سیاسەتی نەوت و غاز دزینیان هەیە)). (ی.ن.ك).

ب - تاکتیکی مشتومڕاوی: بەکارهێنانی تاکتیکێک کە گومان لەسەر نەیارێک دروستدەکات، یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەستیار و فریودەر بۆ پەرەپێدانی دوبەرەکی لە نێوان دەنگدەراندا. وەکو: ((بە هەڵبژاردنی پلانبۆداڕێژراو ڕازی نابین)). (پ.د.ك).

پ - بەکارهێنانی میدیا بە نەرێنی: خراپبەکارهێنانی میدیا بۆ زیاتر گرنگیدان بە لایەنە نەرێنییەکانی ڕکابەرەکان و کەمکردنەوەی متمانەیان لای جەماوەر.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە بانگەشەی هەڵبژاردن شێوازێکی پەیوەندیکردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو لەسەر ئاستی سیاسی، پەیوەندیکردنیش ئەرکێکی سەرەکیی زمانە و چۆنیەتیی بەکارهێنانیەتی، وەک چۆن هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروستبکات، یان بۆ چەسپاندنی پێگەی لایەنگران یان بۆ گۆڕینی هەڵوێستی نەیارەکان، یان بۆ هاندانی بێبەرژەوەندەکان بۆ چونە ناو بازنەی پرۆسەی سیاسییەوە.

ڕازیکردن کردەیەکی ئامانجدارە، بۆ مەبەستێك ئەنجامدەدرێت. ((ڕازیکردن هونەری دواندنی خەڵکە بە ئامانجی کارتێکردن)) (السویدان و و. مەریوان ٢٠١٧، ١٦). ئەم هونەرەش پشت بەهەردو لایەنی لۆژیك و زمان دەبەستێ، واتە قسەکەر تاچەند دەتوانێت لەڕێگەی زمانەوە گوێگر/ وەرگر ڕازیبکات، نابێت ئەوەش لەبیربکەین هەریەك لە ئاین و بیروباوەڕی تاك و پێویستییەکانی ژیان، ڕۆڵی سەرەکییان لە کردەی ڕازیکردندا هەیە. ڕازیکردن، چالاکییەکی زمانی، هزری و کۆمەڵایەتییە، (دەشێت زارەکی بێت، یان نوسراو)، بەڵگە و پاساو هێنانەوە و بەرگریکردنە لە بۆچونەکانی قسەکەر، بە ئامانجی ڕازیکردنی بەرانبەر. (عصاف ٢٠٢٢، ١٠٨). بۆ ئەم مەبەستە لایەنەکان، ئەو کاندیدانە هەڵدەبژێرن کە تواناکانی پەیوەندیکردن و قسەکردن و سەرکەوتنیان لە قەناعەتپێکردنی جەماوەر و بەدەستهێنانی متمانەیاندا کارایە، بە ئەنجامدانی کۆبونەوەی گشتی، کە لەم ماوەیەدا ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ جەماوەردا دەکەن. ڕازیکردن کردەیەکی ئاوەزییە تاك بۆ کۆنترۆڵکردنی مێشکی بەرانبەر بەکاریدەهێنێت (دزەیی ٢٠١٣، ١١)، ئەمەش جۆرێکی بەرزەفتکردنە (کۆنترۆڵکردن). (جۆن دیوی)، پێیوایە، ئارەزوی بەرزەفتکردنی ئەوانی دیکە، غەریزەیەکی مرۆییە، چونکە مرۆڤ هەمیشە ئارەزوی زاڵبونی بەسەر ئەوانیدیکەدا هەیە و مەبەستیەتی بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دەست بەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەیاندا بگرێت، کە یەکێک لە ئامرازەکانی ئەم هەژمونەش، گوتار و تەکنیکەکانی گوتارە، (عصاف ٢٠٢٢، ١٠١)، کە کەرەستەیەکی سەرەکیی بانگەشەی هەڵبژاردنە. فیلیپ بریتۆن(Philippe Bretton)، لە هێڵکارییەکدا، پێنج ڕێگای بۆ ڕازیکردن(Convincer) دەستنیشان کردووە، بریتین لە: یاریکردن بە هزر (Manipulation)، ئارگۆمێنتسازی (Argumentation)، بانگەشە- پڕوپاگەندە(Propaganda) ، بەڵگەسازی(Demonstration)، فریودان (Seduction)، (فایزة ٢٠١٠، ١٥-١٦)، کە گشتیان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، بە ڕێژەی جیاواز، بەکاردەهێنرێن.




هێڵکاریی ڕازیکردن، لای فیلیپ بریتۆن

ڕازیکردن، کە لە هەندێک سەرچاوە بە مەیلگۆڕین ناوبراوە، چەند جۆرێکی هەیە:

- ڕازیکردنی ئەرێنی (سۆزداری): سۆز و ویژدان و هەڵچونەکانی جەماوەر دەکرێن بە ئامانج و هەستەکان بڕیاردەدەن. بۆ نمونە: ((بەدەنگی ئێوە بەهێز دەبینەوە)). (گۆڕان).
- ڕازیکردنی نەرێنی (ترساندن): کار لەسەر وروژاندنی ترسی جەماوەر دەکرێت، بە کاریگەریی نەرێنیی بابەتێک، یان ترســاندنیان بە ئەگەری ڕودان و پێشــهاتی نەخوازراو. دەشــێت ترس لە قەیران و لێکەوتەکانی، وەک ئامرازێک بۆ ملکەچکردنی جەماوەر بەکاربهێنرێت، تا بە پەیام و بیرۆکە ســەپێنراوەکانیان ڕازی ببن. بۆ نمونە: "یان وەرنە بەرەی گەل و نیشــتمان، یان بارکەن برۆن". (پ.د.ك).
  ((کۆتایی پێناهێنین؛ دەیروخێنین)). (ی.ن.ك).
  ((ئەو دەستانە دەبڕین کە چاو دەبڕنە گیرفانی خەڵك)). (بەرەی گەل).
- ڕازیکردنی هزری (عەقڵانی): کار لەسەر بیرسا (لۆژیک) و هزری بەرانبەر دەکرێت، بە گفتوگۆ و بەڵگەی دروست. (عصاف ٢٠٢٢، ١١٨). بۆنمونە: ((ئیتر بەسە زوڵم)). (یەکگرتو). ((متمانە لە ئێوە، خزمەتکردن لە ئێمە)). (پ.د.ك).
- ڕازیکردن بە هێز و دەسەڵات: کار لەسەر بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات دەکرێت، بە کاریگەریی نەرێنیی، یان ئەرێنی بۆ بابەتێک. بۆ نمونە: ((هەرگیز نە شکست و نە بێهیوایی پێناسەی پارتی نەبون )). (پ.د.ك).
- ڕازیکردنی بەڵگەداری: بەکارهێنانی ئایەتی قورئانی، یان فەرمودەی پێغەمبەر، یان دەقێکی یاسایی و دەستوری، یان دانپیانان و گەواهیدان، یان قسەی دادوەرەکان، پەند و شێوەکانی، یان شیعری شاعیران، دەکەنە بەڵگە بۆ خستنەڕوی بیروباوەڕەکانیان، بۆ ئەوەی سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت بۆ ڕازیکردنەکەی. (عكاشە ٢٠٠٥، ١٦٦) وەکو: "زاب خودێ ژیریی دەستکردیش ئەمجارە فریای پارتی و مودیر عام ناکەوێت" (ی.ن.ك). "وڵات بێخودا و دینی ئیسلام هەر وڵات نییە، تکایە پارێزگاری لە ئاینی ئیسلام بکەن من پشتیوانیتان دەکەم" (ی. ن. ك).
- ڕازیکردن بە دوبارەکردنەوە: کاتێک جەماوەر، بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو، بەرکەوتنی لەگەڵ پەیامێکی دیاریکراودا دەبێت، پەیامەکە لە هزریاندا دەچەسپێت و ئەگەری قبوڵکردن و وەرگرتنیان زیاتر دەبێت. (جەختکردنەوە لەسەر پەیامێک و ئەو دەربڕینانەی جەخت لەسەر واتا

دەکەنەوە)، (فایزة ۲۰۱۰، ٥٦)، ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی هۆش و سۆز، بەمەش جۆرێك لەباوەڕ دروستدەکات و کردەی ڕازیکردن ڕوودەدات. دوبارەکردنەوە جۆرێکە لە جەختکردنەوە وا لە وەرگر دەکات، کە ئاگاداری قسەکەر بێت و گومانی لە قسەکانی نەمێنێت، جا دوبارەکردنەوەی ناو، ئاوەڵناو، کردار ... بێت. بۆ نمونە: "ئەوان دەڵێن دەیڕوخێنین، تێکی دەدەین، وێرانی دەکەین، ڕاتان دەگرین، ئێمەش پێیاندەڵێین: ناتوانن، ناتوانن، ناتوانن". (پ.د.ك).

بابەتەکەی ئێمە پەیوەندی بە ڕازیکردنی سۆزداریەوە هەیە، بۆیە زیاتر تیشك دەخەینە سەر دەربرینە سۆزدارەکان. بێگومان لە ناخی مرۆڤدا سۆزێك هەیە، کە هۆکاری ڕازیکردن و بەدەستهێنانی مەبەستەکانی مرۆڤە. هەندێکجار بانگەشەکار پشت بە پەیوەندییە سۆزدارییەکان دەبەستێت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکەی زیاتر بێت. واتە قسەکەر کاتێك بیەوێت لەڕێگای سۆزەوە خەڵکی ڕازیبکات، پەنا بۆ سەرچاوەکانی سۆز دەبات. وەك گوزارشتکردن لە پەیوەندیی دۆستانە و پەیوەندیی خزمایەتیی نێوانیان، (عەبدولرەحمان ۲۰۰۹، ٤٤)، ئامانجیش لەبەکارهێنانی ئەمجۆرە پەیوەندییە لێکنزیکبونەوەیە لە نێوانیان هەریەك لە ئاین، کەلتور، هەستی نەتەوایەتی وەك هاوزمان، یان هاونیشتمان،... وەك گوزارشتکردن لە پەیوەندیی خزمایەتی نێوانیان بەکاردێت. کەواتە سۆز، بارێکی دەرونییە، کاردانەوەیە بۆ هەڵوێستێک، بیرۆکەیەک، یان کارلێکێکی کۆمەڵایەتی، کە ڕەفتارێک بەرهەمدەهێنێت، وەک (خۆشەویستی، دڵخۆشی، دڵتەنگی، دڵەڕاوکێ، جۆشوخرۆش، ترس، ڕق، تورەیی، ...). سۆز، خێرا دەردەکەوێت، کاریگەریی بەهێزە و مەوداکورتە. بۆ دەستنیشانکردنی دەربڕینی سۆزداری و توند لە قسەکردندا، بەزۆری پشت بە توێژینەوە لە بواری دەروونناسی یان شیکاریی زمان دەبەسترێت، کە کاریگەریی دەربڕینە سۆزدار و توندەکان لەسەر بینەر یان گوێگر شیدەکرێتەوە. سۆز، لە هەڵبژاردن و دەنگداندا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، زۆرجار ستراتیژی سۆزداری بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەنگدەر بەکاردەهێنرێت، وەکو بەکارهێنانی وێنە، مۆسیقا، گۆرانی و ئەو چیرۆکانەی هەستێکی دیاریکراو دەوروژێنن. بەگشتی دەتوانرێت لەم بوارانەدا بەرجەستە ببێت:

- هاندان: سۆزی بەهێز، هانی دەنگدەر دەدات بۆ بەشداربون لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، وەک خۆشەویستی و جۆشوخرۆشێکی زۆر بۆ حزبێک یان کاندیدێک، یان ڕقوکینە بەرانبەر بڕیار و ڕەفتار و سیاسەتێکی دیاریکراو. ئەمەش یارمەتیی جەمسەگیریی سیاسی دەدات و هەستی وەفاداری لای ئەندامانی حزب زیاد دەکات و هەژمونی لەسەر بڕیاری دەنگدان هەیە. بۆ نمونە: "بەیەکەوە کاری گەورەمان پێدەکرێت؛ ئێستا و ئایندەی خەڵك و خاکی ئەم هەرێمە چاوی لە هیممەت و ئیرادە و دەنگی ئێوەیە". (بەرەی گەل).
- ئاراستەکردن: سۆز، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی کاندید و حزبەکانیان، لەلایەن دەنگدەرانەوە هەیە، بۆ نمونە دەنگدەران حەزدەکەن پشتیوانیی کاندیدێک بکەن کە هەستی ئەرێنی و هیوا و متمانەیان لەلا دروست دەکات، نەک بە پێچەوانەوە. بۆ نمونە: "پارتی کاردەکات بۆ ئەوەی پشدەر ببێتە دەروازەیەکی گرنگی بازرگانی". (پ.د.ك).
- یادگە: سۆزی بەهێز، کاریگەریی لەسەر یادگە هەیە؛ توانای خۆشەویستکردنی کاندید و شێواندنی یادگەی دەنگدەری هەیە، بە تایبەت ڕوداوە سیاسییەکان و ڕابردوی کاندید، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بڕیاری دەنگدان هەیە. ئەو ڕوداوانەی وروژانێکی بەهێز لە هەستی گوێگردا دروست دەکەن، بە شێوەیەکی ڕونتر لە یادگەدا دەمێننەوە و کاریگەرییان لەسەر تێڕوانینی دەنگدەر بۆ کاندید و ڕێکخراو و حزبەکان دەبێت.
- زانیارییەکان: زۆرجار کاردانەوە و هەستە سۆزدارییەکان، بەسەر هەڵسەنگاندنی ئاوەزییانەی زانیاری و بابەتەکاندا زاڵدەبن و تێیاندەپەڕێنن. سۆزێکی بەهێز، دەشێت ببێت بە بنەمای بڕیاری دەنگدان، لەبریی ڕاستی و شیکردنەوەی بابەتییانەی داتا و زانیارییەکان. بۆیە زۆرجار هەڵمەتەکانی

بانگەشە، سەرەڕای لاوازیی بەرنامەکانیان، سەرکەوتو دەبن، چونکە ڕەفتار لەگەڵ هەستەکاندا دەکات نەک هزر و بیرکردنەوە.

بە کورتی، سۆز لە پرۆسەی دەنگداندا، شتێکی لاوەکی نییە؛ پاڵنەرێکی بەهێز و کاریگەرە، چۆنیەتیی کارلێکی نێوان دەنگدەر و سیاسەت دەهێنێتە ئاراوە و کاریگەریی لەسەر بڕیاری دەنگدەر هەیە. بۆیە تێگەیشتن لە ڕۆڵی سۆز و باشبەکارهێنانی، بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری دەنگدەر و ئەنجامی دەنگدان زۆر گرنگە.

**جۆری دەربڕینەکان لە بانگەشەدا دو جۆرن:** ١- دەربڕینی سۆزداری:

– دەربڕینی ئەرێنی: وەک وشەی ستایش و پشتیوانی، کە هەستە ئەرێنییەکان بەهێز دەکەن و بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە "ئارامی و ئاوەدانی و پێکەوەیی و خۆڕاگری". (پ.د.ك).
– دەربڕینی بێلایەن: ئەو وشانەی کە هەڵگری بارگەیەکی سۆزدارییی بەهێز نین و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ گەیاندنی زانیاری بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی هەست بوروژێنن. وەکو: "بە ئێمە دەکرێت" (کۆمەڵ). "خەڵکی ئێمە شایەنی خۆشگوزەرانییە" (نەوەی نوێ). "پێنوس بۆ لاوان قەڵغان بۆ کوردستان" (پ.د.ك).
– دەربڕینی نەرێنی: بۆ دەربڕینی هەستی دڵتەنگی، ناڕەزایی، یان بێزاری بەکاردێت و لە بانگەوازکردنی هەستی هاوسۆزی، یارمەتیدەرە. بۆ نمونە: "کۆتایی پێدەهێنین" (ی.ن.ك).

٢ . دەربڕینی توند:

– دەربڕینی دوژمنکارانە یان هێرشبەرانە: ئەو لێدوانانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر کەسەکە یان بە ئاشکرا سوکایەتیی پێدەکەن. "درۆ دەکەن" (نەوەی نوێ). "ئیتر بەسە" (یەکگرتو).
– دەربڕینی گاڵتەجاڕی: دەربڕینەکان بۆ بچوککردنەوەی ناڕاستەوخۆی ئەوانی دیکە بەکاردەهێنرێت. وەکو: "ئەگەر دەتانەوێ ئەم گاڵتەجاڕییە بەردەوام بێت، دەنگ بدەن بە مودیر عام" (ی.ن.ك). "کەس بەقەد شامسار گەندەڵ نییە، ئەکبەر فشەکەرە" (ی.ن.ك)
– دەربڕینی بریندارکەر (استفزازی): ئامانجیان وروژاندن و کاردانەوەی توندی لایەنی بەرانبەرە، وەک توڕەیی یان بەرگریکردن. بۆ نمونە: "مودمینێکی نیو سەرۆك، ناتوانێت ڕکابەری حزبێکی خاوەن شکۆ و مێژو بێت". (پ.د.ك).

**٢- پێداچونەوە بەکارەکانی پێشو:**

سەبارەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن، چەند کارێك لە چوارچێوەی نامەو لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە. یەکێك لەو نامانە نامەیەکی ماستەرە بە ناونیشانی The News Coverage of the 2010 Parliamentary Elections in the Daily Iraqis Press لە ئامادەکردنی احمد بكر محمد حداد، ٢٠١١،كلية الاعلام، جامعة الشرق الاوسط بڵاوکراوەتەوە. ئەم نامەیە باس لە سەرچاوە و شێوە جیاوازەکانی هەواڵ و ڕوماڵی هەواڵ دەکات لەنێو ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان. توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی شیکاریی وەسفی بەستووە.

لێکۆڵینەوەیەکی تر بە ناونیشانی (الوسائل والأساليب الاتصالية المستخذمة في حملات الانتخابات النيابية البحرينية عام ٢٠١٠م دراست ميدانية) هەیە، نوسینی شعیب الغباشي، لە مجلة علمية محكمة تصدر عن جامعة الأزهر بڵاوکراوەتەوە، باس لە هەڵبژاردنەکان دەکات، کە بە ئامادەبونی ژمارەیەک کەسایەتی دیار

بەڕێوەچووە. لێکۆڵینەوەکە جەخت لەسەر بنەمای بیری تاکەکانی کۆمەڵگا دەکاتەوە لە سەرکەوتنی بانگەشەی هەڵبژاردندا.
لێکۆڵینەوەیەکی تر بە ناونیشانی (ڕاکێشانا سۆزداریێ د ڕیکلاما بانگەشەیا هەلبژارتناندا) هەیە، لەلایەن پەیمان عبدالکریم سعیدەوە نوسراوە، لە گۆڤاری زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ بڵاوکراوەتەوە، باس لە ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەر دەکات لە بانگەشەدا. بۆ شیکردنەوەی بانگەشەکان، توێژەر تەنها پشتی بە بیروبۆچونی خۆی بەستووە، بەڵام ئێمە هاتوین لە توێژینەوەکەماندا باس لە بەکارهێنانی دەربرینە زمانییەکان دەکەین لە بانگەشەی هەڵبژاردندا و بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، پشتمان بە فۆڕمی ڕاپرسی و وەڵامی دەنگدەران بەستووە.

**٣_ میتۆد و ڕێبازی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەکی مەیدانییە؛ بە پلەی یەکەم پشتی بەوەڵامدانەوەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بەستووە.
میتۆدی کارکردن بۆ شیکردنەوەی ئامار بۆ داتا و زانیارییەکانی ناو فۆڕمی ڕاپرسییەکە پشت بە دو ڕێگای سەرەکی بەستراوە ئەوانیش:
١- ڕێگەی ئاماری پەسنی، لەڕێگەی بەکارهێنانی خشتە و شێوەی داتاییەوە ئەنجامدراوە، ئەم ڕێگایە بەڕێگایەکی گرنگی بواری شیکردنەوەی داتا و زانیاری دادەنرێت.
٢- ڕێگەی ئاماری شیکاری: پەیوەندیی نێوان گرنگترین گۆڕاوەکانی ناو فۆڕمی ڕاپرسییەکە شیدەکرێتەوە و پەیوەندیی نێوانیان بەشێوەیەکی ئاماری؛ بە بەکارهێنانی خشتە و وێنە، بە پشتبەستن بە پرۆگرامی (SPSS)، شیکردنەوە بۆ گشت داتاکان دەکات و دەیانخاتەڕو.
٣-١ کۆمەڵگای توێژینەوەکە: کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەنگیانداوە یەکجار زۆرە، بەڵام لەتوانادا نییە گشت نمونەکان وەربگرین، هەربۆیە کۆمەڵگای توێژینەوە دەنگدەرانی دانیشتوی هەرێمی کوردستانە، کە هەردو ڕەگەز، تەمەن، پیشە، باری گوزەران، ئاستی خوێندەواری، ئایدۆلۆژیی سیاسی و شوێنی نیشتەجێبونی جیاواز لەخۆدەگرێت، وەك لە خشتەی (١)دا دەردەکەوێت. ئەو بوارانەش کە لە ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکەماندا وەرگیراوە، چەند پرسیارێکی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگدان دەستنیشانکراون. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەشێوەی هەڕەمەکی نمونەکانی وەرگرتووە.
**٣-٢ فۆڕمی ڕاپرسی**: توێژەر فۆڕمێکی دابەشکردووە، لەسێ تەوەر پێکهاتبوو. تەوەری یەکەم تەوەری زانیاریی کەسییە. تەوەری دووەم: کاریگەریی دەربڕینە سۆزدارەکان لەسەر دەنگدەران، تەوەرەی سێیەم: کاریگەریی بانگەشەیە لەسەر دەنگدەر.
توێژەر (٣٣٠) سێ سەد و سی فۆڕمی دابەشکرد، (٣٠٠) فۆڕم بە دروستی گەڕایەوە، بەسەرنجدان لە خشتەی (١) دەردەکەوێت:
١- لە کۆی گشتیی بەشداربووان کە (٣٠٠) کەسە لەڕوی ڕەگەزەوە (١٥٦) لەڕەگەزی نێرن (١٤٤) کەس لە ڕەگەزی مێن. ئەمەش دەرئەنجامێکی زۆر باشە، چونکە ڕێژەی بەشداریکردنی هەردو ڕەگەز لەیەکتریەوە نزیکە.
٢- لە ڕوی تەمەنی ئەو کەسانەی کە فۆڕمەکەیان پڕکردۆتەوە بەسەر سێ گروپ دابەشبوون:
أ- تەمەنی نێوان (١٨-٣٠) ساڵ، (٩١) کەسن.
بـ تەمەنی نێوان (٣٠-٤٢) ساڵ، (١٠٥)کەسن.

پ ـ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٤٠-٦٠) و بەسەرەوەیە (١٠٤) دەنگدەرن. وەك دەردەکەوێت ژمارەی بەشداران لە ڕوی تەمەنەوە لەیەکتریەوە نزیکن.

٣ـ لەڕوی پیشەوە، بەشداران خاوەنی پیشەی جیاوازن: (49)فێرخواز، (123) مامۆستا، (73) فەرمانبەر، (55) کاسب. وەك دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی بەشداران، مامۆستان.

٤ـ باری گوزەرانی بەشداران بۆ سێ چین دابەشبون: (٢١) هەژار، (٢٥١)مامناوەند، (٢٨) دەوڵەمەند، واتە زۆرترین ڕێژەی بەشداران، لە ئاستی گوزەرانی مامناوەندن.

٥ـ لەڕوی ئاستی خوێندەوارییەوە جیاوازن: (٥١) کەس نەخوێندەوارن، (٩١) کەس خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیین، (١٦٠)کەس خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و (٣٤) دەنگدەر خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی باڵان. وەك دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن لە ڕوی ئاستی خوێندەواری، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن.

٦ـ ئایدۆلۆژیای سیاسییان جۆراوجۆرە؛ (١٥٢)کەس بێلایەنن، (٨٠)کەس لایەنگرن، (٦٨) کەس نارازین. واتە زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن لە ڕوی ئایدۆلۆژیای سیاسییەوە کەسانی بێلایەنن.

٧ـ شوێنی نیشتەجێبونی دەنگدەران، (٢٣٨)کەس دانیشتوی ناوشارن و (٦٢) کەسیان لە دەرەوەی شار نیشتەجێن. وەك دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن لە ڕوی شوێنی نیشتەجێبونی دەنگدەرانەوە کەسانی دانیشتوی شارەکانن.

خشتەی(١) زانیاریی کەسی

| ڕەگەز | | تەمەن | | | پیشە | | | | باری گوزەران | | | ئاستی خوێندەواری | | | | ئایدۆلۆژیای سیاسی | | | شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | (١٨-٣٠) | (٣٠-٤٢) | (٤٢-٦٠+) | | مامۆستا | فەرمانبەر | کاسب | هەژار | مامناوەند | دەوڵەمەند | نەخوێندەوار | ئامادەیی | بەکالۆریۆس | خوێندنی باڵا | بێلایەن | لایەنگر | نارازی | ناوەوەی شار | دەرەوەی شار |
| 156 | 144 | 91 | 105 | 104 | 49 | 123 | 73 | 55 | 21 | 251 | 28 | 15 | 91 | 160 | 34 | 153 | 80 | 67 | 239 | 61 |

**٣-٢-١ ڕاستگۆیی ناوەڕۆک Validity :** دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی، درا بە (٥) پسپۆڕی (کۆمەڵناس، یاسایی، دەروونناس، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، زمان)، بە وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان، سێ تەوەرەکە وەک خۆی مایەوە، بەڵام بڕگەکان لە (١٧) وە کران بە (١٤). بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستیی فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، توێژەر فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکەی خستۆتە بەردەم سێ شارەزا و پسپۆڕی بواری زمان، بۆ چۆنیەتیی داڕشتنی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەیەکی ئەکادیمی، هەروەها داوایان لێکراوە تێبینییەکانیان لەسەر وردی و ڕادەی ڕونی و دروستیی داڕشتنی زمانیی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە بخەنەڕو. لەژێر ڕۆشنایی پێشنیازی هەڵسەنگێنەرەکان، توێژەر بڕگە و بابەتەکانی فۆرمەکەی، لەڕوی لابردن و زیادکردن و تێکەڵاوکردنی بڕگەکان هەموارکرد، لەکۆتاییدا فۆڕمی ڕاپرسییەکە دوا شێوەی خۆی وەرگرتووە.

**٣-٤ توێژینەوەی سەرەتایی Pilot Study:** لە توێژینەوەی سەرەتاییدا. (٣٠) کەس وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوە، بە مەبەستی دۆزینەوەی جێگیری و چەسپاندنی فۆرمی ڕاپرسییەکە، بڕگەکان بێکێشە بون.

**٣-٥ کۆکردنەوەی داتا:** ماوەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتی یەك مانگی تەواوی خایاند، لە ٣/ ٢ / ٢٠٢٥ تاکو ٢٠٢٥ /٣/٣، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان توێژەر بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی سەرجەم شارەکانی کرد، لە قوتابخانە و زانکۆ و کافتریا و بازاڕدا بەشێوەی هەڕەمەکی بەسەر بەشدارانی دابەشکردووە.

**٣-٦ ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:**

ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لەم توێژینەوەیەدا، کە توێژەر بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکان و بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکاریهێناون، ئەمانەن: (ناوەندی ژمێریی(Mean)، لادانی پێوانەیی( Standard deviation)، ڕێژەی هاوڕابوون،P-Value بە بەکارهێنانی پرۆگرامی ئاماریی SPSS.

**٢-١٠ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە:**

| هێمای پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | کەمێك هاوڕام | هاوڕام | کەمێك هاوڕانیم | ڕەتیدەکەمەوە | ناوەندی ژمێریی ( ) mean | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون | ڕێژەی ڕەتکردنەوە | بەهای p | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ١ | 38 | 57 | 26 | 37 | 142 | 3.63 | 1.526 | 40.33 | 59.66 | .000 | هەیە |
| | 12.7 | 19.0 | 8.7 | 12.3 | 47.3 | | | | | | |
| پ٢ | 28 | 47 | 48 | 50 | 127 | 3.67 | 1.396 | 41 | 59 | .000 | هەیە |
| | 9.3 | 15.7 | 16.0 | 16.7 | 42.3 | | | | | | |
| پ٣ | 38 | 43 | 46 | 50 | 123 | 3.59 | 1.455 | 42.33 | 57.66 | .000 | هەیە |
| | 12.7 | 14.3 | 15.3 | 16.7 | 41.0 | | | | | | |
| پ٤ | 61 | 47 | 67 | 40 | 85 | 3.14 | 1.492 | 58.33 | 41.66 | .000 | هەیە |
| | 20.3 | 15.7 | 22.3 | 13.3 | 28.3 | | | | | | |
| پ٥ | 64 | 60 | 66 | 33 | 77 | 3.00 | 1.482 | 63.33 | 36.66 | .000 | هەیە |
| | 21.3 | 20.0 | 22.0 | 11.0 | 25.7 | | | | | | |
| پ٦ | 53 | 64 | 67 | 46 | 70 | 3.05 | 1.418 | 61.33 | 38.66 | .000 | هەیە |
| | 17.7 | 21.3 | 22.3 | 15.3 | 23.3 | | | | | | |
| پ٧ | 46 | 71 | 64 | 46 | 73 | 3.10 | 1.405 | 60.33 | 39.66 | .000 | هەیە |
| | 15.3 | 23.7 | 21.3 | 15.3 | 24.3 | | | | | | |
| پ٨ | 41 | 53 | 58 | 50 | 98 | 3.37 | 1.438 | 50.66 | 49.33 | .000 | هەیە |
| | 13.7 | 17.7 | 19.3 | 16.7 | 32.7 | | | | | | |
| پ٩ | 42 | 53 | 54 | 54 | 97 | 3.37 | 1.442 | 49.66 | 50.33 | .000 | هەیە |
| | 14.0 | 17.7 | 18.0 | 18.0 | 32.3 | | | | | | |
| پ١٠ | 130 | 43 | 39 | 37 | 51 | 2.45 | 1.546 | 70.66 | 29.33 | .000 | هەیە |
| | 43.3 | 14.3 | 13.0 | 12.3 | 17.0 | | | | | | |
| پ١١ | 113 | 53 | 49 | 29 | 56 | 2.54 | 1.524 | 71.66 | 28.33 | .000 | هەیە |
| | 37.7 | 17.7 | 16.3 | 9.7 | 18.7 | | | | | | |
| پ١٢ | 117 | 59 | 54 | 31 | 39 | 2.39 | 1.418 | 76.66 | 23.33 | .000 | هەیە |
| | 39.0 | 19.7 | 18.0 | 10.3 | 13.0 | | | | | | |
| پ١٣ | 81 | 60 | 66 | 32 | 61 | 2.77 | 1.468 | 69 | 31 | .000 | هەیە |
| | 27.0 | 20.0 | 22.0 | 10.7 | 20.3 | | | | | | |
| پ١٤ | 66 | 56 | 67 | 42 | 69 | 2.97 | 1.461 | 63 | 37 | .000 | هەیە |
| | 22.0 | 18.7 | 22.3 | 14.0 | 23.0 | | | | | | |

خشتەی(٢) توێژەر هەریەك لە بڕگەکانی ڕونکردۆتەوە و داتاکانی خستۆتەڕو، هەروەها ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریی، لادانی پێوانەیی، ڕێزبەندی، P-value و بەڵگەداریی هەریەك لە بڕگەکانی شیکردۆتەوە.

**١ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربرینە سۆزدارەکان کاریگەرییان لەسەر بیروڕای من، هەبو.**

وەڵامی بەشداران بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٣٨دەنگدەر/ 12.7)، (کەمێك هاوڕام: ٥٧ دەنگدەر/ 19.0)، (هاوڕام: ٢٦ دەنگدەر/ 8.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە (40.33%) (کەمێك هاوڕانیم: ٣٧ دەنگدەر/ 12.3)، ( ڕەتیدەکەمەوە: ١٤٢ دەنگدەر/ 47.3) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 59.66% ئەمەش

ئەوە دەگەیەنێت کە دەربڕینە سۆزدارەکان، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کاریگەرییان لەسەر بیروڕای تاکی کورد لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا، نەبوە.

**٢ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان کاریگەرییان لەسەر هەستی نەتەوایەتیم، هەبو.**

وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٢٨دەنگدەر/ 9.3)، (کەمێك هاوڕام: ٤٧ دەنگدەر/ 15.7)، (هاوڕام: ٤٨ دەنگدەر/ 16.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 41% (کەمێك هاوڕانیم:٥٠ دەنگدەر/ 16.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ١٢٧دەنگدەر/ 42.3). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە ٥٩٪ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەربڕینە سۆزدارەکان، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، کاریگەرییان لەسەر هەستی نەتەوایەتیی تاکی کورد، لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا، نەبوە.

**٣ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان هەستی پاراستنی خاك و نیشتمانیان بزواندم.**

وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٣٨دەنگدەر/ 12.7)، (کەمێك هاوڕام: ٤٣ دەنگدەر/ 14.3)، (هاوڕام: ٤٦ دەنگدەر/ 15.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 42.33% (کەمێك هاوڕانیم: ٥٠ دەنگدەر/ 16.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ١٢٣ دەنگدەر/ 41.0). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 57.66% واتە ئەو دەربڕینانەی بانگەشەکاران لە بانگەشەی هەڵبژاردندا دەریاندەبڕی، کاریگەرییان لەسەر بزواندنی هەستی پاراستنی خاك و نیشتمانی تاکی کورد نەبوە.

**٤ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینەکان بەڵێنی ئاوەدانیی کوردستانیان دا.**

وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦١دەنگدەر/ 20.3)، (کەمێك هاوڕام: ٤٧ دەنگدەر/ 15.7)، (هاوڕام: ٦٧ دەنگدەر/ 22.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 58.33% (کەمێك هاوڕانیم:٤٠ دەنگدەر/ 13.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٨٥دەنگدەر/ 28.3) ڕێژەی ڕەتکردنەوەکەی دەکاتە 41.66% ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەربڕینەکانی بانگەشەکاران لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی ئاوەدانیی کوردستانیان داوە.

**٥ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دزیکردن بە ڕەفتارێکی نەشیاو ناسێنرا.**

وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٤دەنگدەر/ 21.3)، (کەمێك هاوڕام:٦٠ دەنگدەر/ 20.0)، (هاوڕام:٦٦ دەنگدەر/ 22.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 63.33% (کەمێك هاوڕانیم:٣٣ دەنگدەر/ 11.0)، ( ڕەتیدەکەمەوە:٧٧ دەنگدەر/25.7)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 36.66% وەڵامی دەنگدەران ئەوە دەگەیەنێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دزیکردن بە ڕەفتارێکی نەشیاو ناسێنراوە.

**٦ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان دەربارەی بەفیڕۆنەدانی خوێنی شەهیدان بون.**
وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٥٣دەنگدەر/ 17.7)، (کەمێك هاوڕام: ٦٤ دەنگدەر/ 21.3) ، (هاوڕام: ٦٧ دەنگدەر/ 22.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 61.33% (کەمێك هاوڕانیم: ٤٦ دەنگدەر/ 15.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٧٠ دەنگدەر/ 23.3) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 38.66%، زۆرترین وەڵام ئەوە دەگەیەنێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەربڕینە سۆزدارەکان دەربارەی بەفیڕۆنەدانی خوێنی شەهیدان بون.

**٧ـ له بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەشێک لە دەربڕینە سۆزدارەکان بە خەبات و کوردایەتییەوە پەیوەست بون.**

وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٤٦دەنگدەر/ 15.3)، (کەمێك هاوڕام: ٧١ دەنگدەر/ 23.7)، (هاوڕام: ٦٤ دەنگدەر/ 21.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 60.33% (کەمێك هاوڕانیم: ٤٦ دەنگدەر/ 15.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٧٣ دەنگدەر/ 24.3)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 39.66%. واتە بانگەشەکاران توانیویانە سود لە دەربڕینە سۆزدارەکانی پەیوەست بە خەبات و کوردایەتی وەربگرن، بۆ جوڵاندنی هەست و سۆزی تاکی کورد، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

**٨ـ له بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەشێک لە دەربڕینە سۆزدارەکان، هانی پاراستنی ژینگەیان دەدا**. وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٤١دەنگدەر/ 13.7)، (کەمێك هاوڕام: ٥٣ دەنگدەر/ 17.7)، (هاوڕام: ٥٨ دەنگدەر/ 19.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 50.66% (کەمێك هاوڕانیم:٥٠ دەنگدەر/ 16.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٩٨ دەنگدەر/ 32.7) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 49.33%. ئەمە جێگای هەڵوەستەیە لەبەر ئەوەی ڕێژەی هاوڕابون و ڕەتکردنەوە زۆر لێکنزیکن، هەرچەندە ڕێژەی هاوڕابون لەگەڵ دەربڕینە سۆزدارەکان کە هانی پاراستنی ژینگەیان داوە50.66% واتە بانگەشەکاران، وەکو پێویست، گرنگییان بە ژینگە داوە.

**٩ـ له بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان بۆ پاراستنی بیروباوەری ئاینی بون.**

وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٤٢دەنگدەر/ 14.0)، (کەمێك هاوڕام: ٥٣ دەنگدەر/ 17.7)، (هاوڕام: ٥٤ دەنگدەر/ 18.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 49.66% (کەمێك هاوڕانیم: ٥٤ دەنگدەر/ 18.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٩٧ دەنگدەر/ 32.3)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 50.33%ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بانگەشەکاران (زۆربەیان موسوڵمان بون)، سێ حیزبی ئیسلامی سیاسی تێدا بەشدار بو، بەڵام نەیانتوانیوە سود لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر وەربگرن بۆ پاراستنی بیروباوەری ئاینی.

**١٠ـ له بانگەشەی هەڵبژاردندا، هەندێک لە دەربڕینە سۆزدارەکان، بۆ خۆهەڵکێشان بون**. وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ١٣٠دەنگدەر/ 43.3)، (کەمێك هاوڕام: ٤٣ دەنگدەر/ 14.3)، (هاوڕام: ٣٩ دەنگدەر/ 13.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 70.66% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٧ دەنگدەر/ 12.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٥١ دەنگدەر/ 17.0) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 29.33% ئەمە جێگای هەڵوەستەکردنە کە دەربڕینە سۆزدارەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، زیاتر، بۆ خۆهەڵکێشان بون.

**١١ـ له بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان بۆ جوڵاندنی هەستی هەژاران بو**. وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ١١٣دەنگدەر/ 37.7)، (کەمێك هاوڕام: ٥٣ دەنگدەر/ 17.7)، (هاوڕام: ٤٩ دەنگدەر/ 16.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 71.66% (کەمێك هاوڕانیم: ٢٩ دەنگدەر/ 9.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٥٦ دەنگدەر/ 18.7). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 28.33% ئەمە جێگای هەڵوەستەکردنە کە دەربڕینە سۆزدارەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ جوڵاندنی هەستی هەژاران بووە.

**١٢ـ له بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان بەمەبەستی دەرخستنی بنەماڵە بو**. وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ١١٧دەنگدەر/ 39.0)، (کەمێك هاوڕام: ٥٩ دەنگدەر/ 19.7)، (هاوڕام: ٥٤ دەنگدەر/ 18.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 76.66% (کەمێك هاوڕانیم: ٣١ دەنگدەر/ 10.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٣٩ دەنگدەر/ 13.0). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 23.33% ئەمەش بەڵگەیە

بۆ ئەوەی کە ئەو دەربڕینانەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکارهاتون، بە مەبەستی دەرخستنی بنەماڵە بون.

**١٣ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان جەختیان لە پاکیی هەڵبژاردنی دور لە تەزویر دەکردەوە.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٨١ دەنگدەر/ 27.0)، (کەمێك هاوڕام: ٦٠ دەنگدەر/ 20.0)، (هاوڕام: ٦٦ دەنگدەر/ 22.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 69%  (کەمێك هاوڕانیم: ٣٢ دەنگدەر/ 10.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٦١ دەنگدەر/ 20.3)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 31%  زۆربەی دەنگدەران هاوڕان لەسەر ئەوەی بانگەشەکاران جەختیان لە پاکیی هەڵبژاردنی دور لە تەزویر دەکردەوە.

**١٤ـ دەربڕینە سۆزدارەکان، بونە هۆی ئەنجامی نەخوازراو.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٦دەنگدەر/ 22.0)، (کەمێك هاوڕام: ٥٦ دەنگدەر/ 18.7)، (هاوڕام: ٦٧ دەنگدەر/ 22.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 63% (کەمێك هاوڕانیم: ٤٢ دەنگدەر/ 14.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٦٩ دەنگدەر/ 23.0). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 37%. واتە زۆرینەی لەگەڵ ئەوەیە کە دەربڕینەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بونە هۆی ئەنجامی نەخوازراو.

تەوەرەی سێیەمی ڕاپرسییەکە تایبەت بو بە کاریگەریی بانگەشە لەسەر دەنگدەران. لە (١٤) بڕگە پێکاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژرابون:

| ژ | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابون | ڕێژەی ڕەتکردنەوە | بەهای p | بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ | ٤٦ | ٥٢ | ٦٤ | ٣٠ | ١٠٨ | 3.34 | 1.489 | 54 | 46 | .000 | هەیە |
| | 15.3 | 17.3 | 21.3 | 10.0 | 36.0 | | | | | | |
| ٢ـ | ١٢٩ | ٣٧ | ٤٨ | ٢٤ | ٦٢ | 2.51 | 1.587 | 71.33 | 28.66 | .000 | هەیە |
| | 43.0 | 12.3 | 16.0 | 8.0 | 20.7 | | | | | | |
| ٣ـ | ٥٩ | ٦١ | ٥٦ | ٤٥ | ٧٩ | 3.08 | 1.481 | 58,66 | 41.33 | .000 | هەیە |
| | 19.7 | 20.3 | 18.7 | 15.0 | 26.3 | | | | | | |
| ٤ـ | ٦٥ | ٨٢ | ٦٦ | ٣٠ | ٥٧ | 2.77 | 1.398 | 58.66 | 41.33 | .000 | هەیە |
| | 21.7 | 27.3 | 22.0 | 10.0 | 19.0 | | | | | | |
| ٥ـ | ٨٦ | ٦١ | ٥٥ | ٣٣ | ٦٥ | 2.77 | 1.510 | 67.33 | 32.66 | .000 | هەیە |
| | 28.7 | 20.3 | 18.3 | 11.0 | 21.7 | | | | | | |
| ٦ـ | ٤٤ | ٤٠ | ٥٧ | ٣٦ | ١٢٣ | 3.51 | 1.491 | 47 | 53 | .000 | هەیە |
| | 14.7 | 13.3 | 19.0 | 12.0 | 41.0 | | | | | | |
| ٧ـ | ٦٢ | ٥٧ | ٥٦ | ٣١ | ٩٤ | 3.13 | 1.538 | 58.33 | 41.66 | .000 | هەیە |
| | 20.7 | 19.0 | 18.7 | 10.3 | 31.3 | | | | | | |
| ٨ـ | ٦٤ | ٥٢ | ٦٧ | ٢٦ | ٩١ | 3.09 | 1.525 | 62 | 39 | .000 | هەیە |
| | 21.3 | 17.3 | 22.3 | 8.7 | 30.3 | | | | | | |
| ٩ـ | ٦٤ | ٥٦ | ٦٥ | ٣١ | ٨٤ | 3.05 | 1.506 | 61,66 | 38.33 | .000 | هەیە |
| | 21.3 | 18.7 | 21.7 | 10.3 | 28.0 | | | | | | |
| ١٠ـ | ٦٥ | ٦٣ | ٦٣ | ٢٩ | ٨٠ | 2.99 | 1.499 | 63.66 | 36.33 | .000 | هەیە |
| | 21.7 | 21.0 | 21.0 | 9.7 | 26.7 | | | | | | |
| ١١ـ | ٦٠ | ٤٨ | ٧١ | ٣٢ | ٨٩ | 3.14 | 1.497 | 59.66 | 40.33 | .000 | هەیە |
| | 20.0 | 16.0 | 23.7 | 10.7 | 29.7 | | | | | | |
| ١٢ـ | ٦١ | ٣٩ | ٨٣ | ٣٤ | ٨٣ | 3.13 | 1.468 | 61 | 39 | .000 | هەیە |
| | 20.3 | 13.0 | 27.7 | 11.3 | 27.7 | | | | | | |
| ١٣ـ | ٤٩ | ٥٢ | ٦٨ | ٣٥ | ٩٦ | 3.26 | 1.471 | 56.33 | 33.66 | .000 | هەیە |
| | 16.3 | 17.3 | 22.7 | 11.7 | 32.0 | | | | | | |
| ١٤ـ | ٦٢ | ٣٨ | ٥٨ | ٤٢ | ١٠٠ | 3.27 | 1.537 | 52.66 | 47.33 | .000 | هەیە |
| | 20.7 | 12.7 | 19.3 | 14.0 | 33.3 | | | | | | |

**١ـ ئامانجی بانگەشەکار، وشیارکردنەوەی خەڵک بو.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٤٦ دەنگدەر/15.3)، (کەمێك هاوڕام: ٥٢ دەنگدەر/ 17.3)، (هاوڕام: ٦٤ دەنگدەر/ 21.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 54% (کەمێك هاوڕانیم: دەنگدەر/ 10.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ١٠٨ دەنگدەر/ 36.0)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 46%. واتە 54% بەشدارانی کۆمەڵی توێژینەوە پێیانوایە دەربڕینە سۆزدارەکان بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک بون؛ ڕێژەی 46% خەڵك پێیانوایە کە بانگەشە بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك نەبوە.

**٢ـ ئامانجی بانگەشەکار، بەدەستهێنانی پشتیوانی و دەنگ بو.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ١٢٩دەنگدەر/ 43.0)، (کەمێك هاوڕام: ٣٧ دەنگدەر/ 12.3)، (هاوڕام: ٤٨ دەنگدەر/ 16.0)،

ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 77,3% (کەمێك هاوڕانیم: ٢٤ دەنگدەر/ 8.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٦٢ دەنگدەر/ 20.7). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 28,7% ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی بانگەشەکار، تەنها بەدەستهێنانی پشتیوانی و دەنگ بووە.

٣ـ **دەربڕینەکان لە گوتارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، هیوابەخش و گەشبینانە بون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٥٩دەنگدەر/ 19.7)، (کەمێك هاوڕام: ٦١ دەنگدەر/ 20.3)، (هاوڕام: ٥٦ دەنگدەر/ 18.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 58,66% (کەمێك هاوڕانیم: ٤٥ دەنگدەر/ 15.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٧٩ دەنگدەر/ 26.3). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 41,33% واتە دەربڕین و دروشمەکان، هیوابەخش و گەشبینانە بون.

٤ـ **بانگەشەکار، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئاکاری بەکارهێنانی زمانی سۆزداری لەبەرچاو گرتبو.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٥دەنگدەر/ 21.7)، (کەمێك هاوڕام: ٨٢ دەنگدەر/ 27.3)، (هاوڕام: ٦٦ دەنگدەر/ 22.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 58,66% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٠ دەنگدەر/ 10.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٥٧ دەنگدەر/ 19.0). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 41,33%ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بانگەشەکار، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئاکاری بەکارهێنانی زمانی سۆزداری لەبەرچاو گرتبو.

٥ـ **هێندێك لە بانگەشەکارەکان لە دەربڕینەکانیاندا سوێندیان دەخوارد.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٨٦دەنگدەر/ 28.7)، (کەمێك هاوڕام: ٦١ دەنگدەر/ 20.3)، (هاوڕام: ٥٥ دەنگدەر/ 18.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 67,3% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٣ دەنگدەر/ 11.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٦٥ دەنگدەر/ 21.7). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 32,7% ئەمە بەڵگەیە کە بانگەشەکارەکان لەدەربڕینەکانیاندا سوێندیان دەخوارد.

٦ـ **شێوازی بانگەشەی کاندیدەکان، بووە هۆی گۆڕینی ڕەفتار و ئاراستەی بیروڕام.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٤٤دەنگدەر/ 14.7)، (کەمێك هاوڕام: ٤٠ دەنگدەر/ 13.3)، (هاوڕام: ٥٧ دەنگدەر/ 19.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 47% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٦ دەنگدەر/ 12.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ١٢٣ دەنگدەر/ 41.0). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 53%واتە دەربڕینە سۆزدارەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی ڕەفتار و ئاراستەی بیروڕای تاکەکانی کۆمەڵی توێژینەوە نەبوە.

٧ـ **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٢دەنگدەر/ 20.7)، (کەمێك هاوڕام: ٥٧ دەنگدەر/ 19.0)، (هاوڕام: ٥٦ دەنگدەر/ 18.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 58,33% (کەمێك هاوڕانیم: ٣١ دەنگدەر/ 10.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٩٤ دەنگدەر/ 31.3). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 41,66% ئەمە ئەوە دەردەخات کە دەربڕینەکانی بانگەشەکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سۆزداربون.

٨ـ **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٤دەنگدەر/ 21.3)، (کەمێك هاوڕام: ٥٢ دەنگدەر/ 17.3)، (هاوڕام: ٦٧ دەنگدەر/ 22.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 61% (کەمێك هاوڕانیم: ٢٦ دەنگدەر/ 8.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٩١ دەنگدەر/ 30.3). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 39% واتە دەربڕینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، سۆزداربون.

٩- **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری نەوەی نوێ سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٤دەنگدەر/ 21.3)، (کەمێك هاوڕام: ٥٦ دەنگدەر/ 18.7)، (هاوڕام: ٦٥ دەنگدەر/ 21.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 61,7% (کەمێك هاوڕانیم: ٣١ دەنگدەر/ 10.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٨٤ دەنگدەر/ 28.0)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 38,3%، واتە دەربڕینەکانی نەوەی نوێ، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، سۆزداربون.

١٠- **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری یەکگرتوی ئیسلامی سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٥دەنگدەر/21.7)، (کەمێك هاوڕام: ٦٣ دەنگدەر/ 21.0)، (هاوڕام: ٦٣ دەنگدەر/ 21.0)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 63,7% (کەمێك هاوڕانیم: ٢٩ دەنگدەر/ 9.7)، (ڕەتیدەکەمەوە:٨٠ دەنگدەر/ 26.7)، ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 36,3%واتە زۆرینەی دەنگدەرانی بەشداربو پێیانوایە، دەربڕینەکانی بانگەشەکاری یەکگرتوی ئیسلامی سۆزداربون.

١١- **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری کۆمەڵی دادگەری، سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٠دەنگدەر/ 20.0)، (کەمێك هاوڕام: ٤٨ دەنگدەر/ 16.0)، (هاوڕام: ٧١ دەنگدەر/ 23.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 59,7% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٢ دەنگدەر/ 10.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٨٩ دەنگدەر/ 29.7) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 40,3%زۆرینەی دەنگدەرانی بەشداربو پێیانوایە، دەربڕینەکانی بانگەشەکاری کۆمەڵی دادگەری، سۆزداربون.

١٢- **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری هەڵوێست سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦١دەنگدەر/ 20.3)، (کەمێك هاوڕام: ٣٩ دەنگدەر/ 13.0)، (هاوڕام: ٨٣ دەنگدەر/ 27.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 61% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٤ دەنگدەر/ 11.3)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٨٣ دەنگدەر/ 27.7) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 39%. واتە 61%ی کۆمەڵی توێژینەوە پێیانوایە دەربڕینەکانی لیستی هەڵوێست، سۆزدار بون.

١٣- **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری بەرەی گەل سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٤٩دەنگدەر/ 16.3)، (کەمێك هاوڕام: ٥٢ دەنگدەر/ 17.3)، (هاوڕام: ٦٨ دەنگدەر/ 22.7)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 56,3% (کەمێك هاوڕانیم: ٣٥ دەنگدەر/ 11.7)، (ڕەتیدەکەمەوە: ٩٦ دەنگدەر/ 32.0) ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 43,7% ئەمەش بەڵگەیە کە دەربڕینەکانی بانگەشەکاری بەرەی گەل سۆزداربون.

١٤- **دەربڕینەکانی بانگەشەکاری گۆڕان سۆزداربون.** وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بو: (زۆر هاوڕام: ٦٢دەنگدەر/ 20.7)، (کەمێك هاوڕام: ٣٨ دەنگدەر/ 12.7)، (هاوڕام: ٥٨ دەنگدەر/ 19.3)، ڕێژەی هاوڕابون دەکاتە 52,7% (کەمێك هاوڕانیم: ٤٢ دەنگدەر/ 14.0)، (ڕەتیدەکەمەوە: ١٠٠ دەنگدەر/ 33.3). ڕێژەی ڕەتکردنەوەی دەکاتە 47,3% تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن، بەڵام ڕێژەی سۆزداربون زیاترە.

**٤_ ئەنجام و گفتوگۆ:**

لە ئەنجامی پێداچوونەوەی ئەوانەی سەرەوە، ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە توێژینەوەکەمان سەبارەت بەدەربڕینە سۆزدارەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەدەستمانهێناوە، لەسەر بنەمای پرسیارو وەڵامی دەنگدەرانە، توێژینەوەکە دوو خاڵی بەرچاو ئاشکرا دەکات، کە لە بواری بانگەشەدا بە شێوەیەکی بەرچاو باس دەکرێن،

ئەوانیش ڕازیکردن و دەنگدەرە. ئەوەی دەتوانرێت بگەینە دەرئەنجام ئەوەیە کە بەگوێرەی وەڵامی بەشدارانی توێژینەوەکە بەکارهێنانی دەربرینە سۆزدارەکان لەلایەن سەرجەم حیزبەکان هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، یەکگرتوی ئیسلامی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، کەمترین ڕێژەش گۆڕان بەدەستیهێناوە.

ئەنجام

١- لەبانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەربڕینە سۆزدارەکان کاریگەرییان لەسەر جوڵانی هەستی نەتەوایەتی و پاراستنی خاك و ئاوەدانی کوردستان نەبووە؛ بانگەشەکردن نەبۆتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی بیروڕای دەنگدەران، هەروەها ئەو دەربڕینانەی بانگەشەکاران لە بانگەشەدا بەکاریان دەهێنا، زۆر پەیوەست بون بە خەبات و کوردایەتی و پاراستنی ژینگە، دزیکردن وەك ڕەفتارێکی نەشیاو هەژمار دەکرا، هەروەها دەنگدەران سەبارەت بە هاوڕابون و ڕەتکردنەوەی ئەودەربرینانەی پەیوەستن بە بیروباوەری ئاینی زۆر لەیەك نزیك بون جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نەبو.

٢- بەگوێرەی وەڵامی بەشدارانی توێژینەوەکە، زۆرترین ڕێژەی سۆزداریی دەربڕینەکان، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، (63.7%)، یەکگرتوی ئیسلامی بەدەستیهێناوە و کەمترین ڕێژە (52.7%)، گۆڕان بەدەستیهێناوە، بەم ڕیزبەندییە: (یەکەم- یەکگرتو (63.7%)، دووەم- نەوەی نوێ (61.7%)، سێیەم- هەڵوێست و پارتی (61%)، چوارەم- کۆمەڵی دادگەری (59.7%)، پێنجەم- یەکێتیی نیشتمانی (58%)، شەشەم- بەرەی گەل (56.3%)، حەوتەم- گۆڕان (52.7%).

٣- دەنگدەران زۆر هاوڕابون لەسەر ئەوەی، ئەو دەربڕینانەی کە بانگەشەکاران بەکاریاندەهێنا، بەزۆری بۆ خۆهەڵکێشان و دەرخستنی بنەماڵە و جوڵاندنی هەستی هەژاران بو. بانگەشەکاران جەختیان لەسەر پاکیی هەڵبژاردنی دور لە تەزویر دەکردەوە، بەڵام ئەو دەربڕینانەی کە بەکاریاندەهێنا نەبوە هۆی ئەنجامێکی نەخوازراو.

٤- ڕێژەیەکی زۆری خەڵك لەگەڵ ئەوەیە کە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی نییە، بەڵکو تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بووە، هەرچەندە بانگەشەکاران ئاکاری دەربڕینە سۆزدارەکانیان بەکارهێنابو، هیوابەخش و گەشبین بون.

٥- سەبارەت بە بانگەشەی سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەنگدەران پێیانوایە ئەو دەربرینانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکاریانهێناوە سۆزدار بون، بەڵام نەبۆتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی بیروباوەڕی تاك، هەرچەندە هەندێکیان سوێندیشیان دەخوارد.

**٥_ دەرئەنجام و پێشنیاز بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو:**

بە پشتبەستن بە دەربرینەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، توێژەران سێ بواریان دەستنیشان کردووە کە توێژینەوەکانی داهاتوو دەتوانن زیاتر لێیانبکۆڵنەوە:

١- پێشنیاز دەکرێت کە لێکۆڵینەوە لەسەر بەکارهینانی دەربرینە زبرەکان لەبانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ هێرشکردنە سەر کاندیدی بەرانبەر بکرێت، کە چۆن کاندیدەکان لە بانگەشەدا هێرش دەکەنە سەر نەیارەکانیان و دەیانشکێنن.

٢ـ پێشنیاز دەکرێت کە لێکۆڵینەوەی وردتر لەسەر هێزی زمان و ئایدۆلۆژیا لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لەسەر بنەمای گشتگیریی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستییەکی بەرچاوی بۆ ئەم جۆرە شیکارییانە دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیەکان لەگەڵ کۆمەڵگە و قسەکردنی بانگەشەکاران لە ناوچە تایبەتەکاندا بگونجێنن.

٣ـ جگە لە بەکارهێنانی ئەو زمانانەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا قسەیان پێدەکرێت، تێبینییەکی سەرنجڕاکێشی دیکە، شێوازەکانی دەربڕینی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا دەبێت لایەنێکی دیکە بێت کە پێویستی بە پشکنینی زیاترە لە چۆنیەتی دەربڕینی بانگەشەکان، بەکارهێنانی شێوازی نەرم و زبر، فەرمی،... چۆن لە بانگەشەدا بەکاردێت. ئەمەش دەتوانێت هەوڵێکی نوێ بێت.

**پاشکۆ**

خشتەی (٢) کاریگەریی دەربڕینە سۆزدارەکان لەسەر دەنگدەران

| ز | بڕگە | ڕادە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر هاوڕام | کەمێک هاوڕام | هاوڕام | کەمێک هاوڕانیم | ڕەتیدەکەمەوە |
| ١ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان کاریگەرییان لەسەر بیروڕای من، هەبو. | ٣٨ | ٥٧ | ٢٦ | ٣٧ | ١٤٢ |
| ٢ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان کاریگەرییان لەسەر هەستی نەتەوایەتیم، هەبو. | ٢٨ | ٤٧ | ٤٨ | ٥٠ | ١٢٧ |
| ٣ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان هەستی پاراستنی خاك و نیشتمانیان بزواندم. | ٣٨ | ٤٣ | ٤٦ | ٥٠ | ١٢٣ |
| ٤ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینەکان بەڵێنی ئاوەدانیی کوردستانیان دا. | ٦١ | ٤٧ | ٦٧ | ٤٠ | ٨٥ |
| ٥ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دزیکردن بە ڕەفتارێکی نەشیاو ناسێنرا. | ٦٤ | ٦٠ | ٦٦ | ٣٣ | ٧٧ |
| ٦ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان دەربارەی بەفیڕۆنەدانی خوێنی شەهیدان بو. | ٥٣ | ٦٤ | ٦٧ | ٤٦ | ٧٠ |
| ٧ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەشێک لە دەربڕینە سۆزدارەکان پەیوەست بون بە خەبات و کوردایەتی. | ٤٦ | ٧١ | ٦٤ | ٤٦ | ٧٣ |
| ٨ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەشێک لە دەربڕینە سۆزدارەکان، هانی پاراستنی ژینگەیان دەدا. | ٤١ | ٥٣ | ٥٨ | ٥٠ | ٩٨ |
| ٩ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان بۆ پاراستنی بیروباوەری ئاینی بون. | ٤٢ | ٥٣ | ٥٤ | ٥٤ | ٩٧ |
| ١٠ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، هەندێک لە دەربڕینە سۆزدارەکان، بۆ خۆهەڵکێشان بون. | ١٣٠ | ٤٣ | ٣٩ | ٣٧ | ٥١ |
| ١١ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان بۆ جولاندنی هەستی هەژاران بو. | ١١٣ | ٥٣ | ٤٩ | ٢٩ | ٥٦ |
| ١٢ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان بەمەبەستی دەرخستنی بنەماڵە بو. | ١١٧ | ٥٩ | ٥٤ | ٣١ | ٣٩ |
| ١٣ـ | لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، دەربڕینە سۆزدارەکان جەختیان لە پاکیی هەڵبژاردنی دور لە تەزویر دەکردەوە. | ٨١ | ٦٠ | ٦٦ | ٣٢ | ٦١ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤- | دەربڕینە سۆزدارەکان، بونە هۆی ئەنجامی نەخوازراو. | ٦٦ | ٥٦ | ٦٧ | ٤٢ | ٦٩ |

خشتە(٣) کاریگەریی بانگەشە لەسەر دەنگدەر

| ز | بڕگە | ڕادە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر هاوڕام | کەمێک هاوڕام | هاوڕام | کەمێک هاوڕانیم نییم | ڕەتیدەکەمەوە |
| ١- | ئامانجی بانگەشەکار، وشیارکردنەوەی خەڵک بو. | ٤٦ | ٥٢ | ٦٤ | ٣٠ | ١٠٨ |
| ٢- | ئامانجی بانگەشەکار، بەدەستهێنانی پشتیوانی و دەنگ بو. | ١٢٩ | ٣٧ | ٤٨ | ٢٤ | ٦٢ |
| ٣- | دەربڕینەکان لە گوتارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، هیوابەخش و گەشبینانە بون. | ٥٩ | ٦١ | ٥٩ | ٤٥ | ٧٩ |
| ٤- | بانگەشەکار، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئاکاری بەکارهێنانی زمانی سۆزداری لەبەرچاو گرتبو. | ٦٥ | ٨٢ | ٦٦ | ٣٠ | ٥٧ |
| ٥- | هێندێك لە بانگەشەکارەکان لەدەربڕینەکانیاندا سوێندیان دەخوارد. | ٨٦ | ٦١ | ٥٥ | ٣٣ | ٦٥ |
| ٦- | شێوازی بانگەشەی کاندیدەکان، بووە هۆی گۆڕینی ڕەفتار و ئاراستەی بیروڕام. | ٤٤ | ٤٠ | ٥٧ | ٣٦ | ١٢٣ |
| ٧- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سۆزداربون. | ٦٢ | ٥٧ | ٥٦ | ٣١ | ٩٤ |
| ٨- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان سۆزداربون. | ٦٤ | ٥٢ | ٦٧ | ٢٦ | ٩١ |
| ٩- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری نەوەی نوێ سۆزداربون. | ٦٤ | ٥٦ | ٦٥ | ٣١ | ٨٤ |
| ١٠- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری یەکگرتوی ئیسلامی سۆزداربون. | ٦٥ | ٦٣ | ٦٣ | ٢٩ | ٨٠ |
| ١١- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری کۆمەڵی دادگەری، سۆزداربون. | ٦٠ | ٤٨ | ٧١ | ٣٢ | ٨٩ |
| ١٢- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری هەڵوێست سۆزداربون. | ٦١ | ٣٩ | ٨٣ | ٣٤ | ٨٣ |
| ١٣- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری بەرەی گەل سۆزداربون. | ٤٩ | ٥٢ | ٦٨ | ٣٥ | ٩٦ |
| ١٤- | دەربڕینەکانی بانگەشەکاری گۆڕان سۆزداربون. | ٦٢ | ٣٨ | ٥٨ | ٤٢ | ١٠٠ |

**٦- سەرچاوەکان**

**Works Cited**

Zhou, Wei. "ChinaStylistic Analysis of English Advertising Language." *International Conference on Contemporary Education.* Social Sciences and Ecological Studies (CESSES 20, 2018. Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 283 399.

الداقوقى ,ابراهيم and ,مختار التهامي .*مبادي العلاقات العامة في البلدان النامية* : .الطبعة الاولى، دار المعرفة.1980 ,

الركابى ,أحمد مريح " .الدعاية الانتخابية و تأثيرها فى خيارات ناخب العراقى دراسة فى حملات الانتخابية للمدة ".(2014-2005)*مجلة العلوم القانونية والسياسية* :2017 ,المؤتمر العلمي الدولي الثالث 16- 17/12/2017.

السويدان ,طارق and ,عارف عەلی و .مەریوان .*ڕێبەری وتاربێژی سەرکەوتوو* .چاپی یەکەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.2017 .,

العمارات ,فارس محمد .*ادارة الحملات الانتخابية* .دار الخليج للنشر والتوزيع.2020 ,

القاضي ,محمدكمال .*الدعاية الانتخابية والنظام البرلماني المصري* .مصر :مكتبةمدبولي ,١٩٨٧ .

دزەیی ,عبدولواحید موشیر .*ڕازیکردنی خێرا لەچوار هەنگاودا* .هەولێر :چاپی یەکەم ,چاپخانەی ماردین , 2013.

شيللر ,هردرت آ .*المتلاعبون بالعقول*. Translated by ت :عبدالسلام رضوان .Vol .٢٤٣ .١٩٩٩.

عصاف ,هیوا احمد .*بنەمای پراگماتیکی لە زمانی ڕاگەیاندنی کوردیدا* .زانکۆی سەلاحەددین -هەولێر : تێزی دکتۆرا ,٢٠٢٢.

عكاشه ,محمود .*الغة و الخطاب السياسى دراسة لغوية تطبيقية فى ضوء نظرية الاتصال* .مصر :دار النشر للجامعات.2005 ,

عەبدولرەحمان ,شیلان عوسمان .*کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا* .هەولێر :چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر.2009 ,

فايزة ,بوصلاح" .الاقناع في قصة ابراهيم عليه السلام -مقاربة تداولية ".-جامعة وهران -الجزائر :كلية الاداب -رسالة ماجستير ,٢٠١٠.

محمد ,نبيل جاسم" .تغطية الصحف العراقية للحملة الانتخابية أثناء الانتخابات التشريعية ".2010*جامعة بغداد، كلية الإعلام، مجلة الباحث الإعلامي* :2010 ,العد .9-8

مشهدي ,علي and ,ياسين طارش الفريجي" .التنظيم القانوني للرقابة السياسية السابقة على المرشحين في الانتخابات دراسة مقارنة "*.مجلة كلية القانون والعلوم السياسية السنة السابعة* :2025 ,٢٨ العدد.

ميرلو ,جوست *.اغتصاب العقل* Translated by .ت :عمر فايد .السعودية :صفحة سبعة للنشر و التوزيع , ٢٠٢١.

نصرالدين ,سلام *.اتجاهات الجمهور الكوردى ازاء الاعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية* . جامعة السليمانية :رسالة الماجستير.2008 ,